sarkan@kurdee.net
سەرکان کوردی

# ڕەخنەیەک لەسەر لێدوانەکەی د. ڕێبوار فەتاح

http://www.kurdistannet.us/1-2004/dr_rebwarRifrandom.pdf

پێشەکی پێم خۆشە کە سڵاو و ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێز د. ڕێبوا فەتاح بنێرم وە هیوام وایە کە بەڵفراوانیەوە ڕەخنەکەم وەربگرێت چونکە ڕەخنەکەم درووستکەرە نەک ڕووخێنەر.

لە ڕۆژی 2004/01/11 دا چاوپێکەوتنەکەی کە بەڕێز تامان شاکر ڕێکیخستبوو لە تۆڕگەی کوردستان نێتدا بڵاوکرایەوە بەڕێزی لە کۆتایی لاپەڕەی 4 بۆ سەرەتای لاپەڕەی 5 دا بێژێت "تاڵەبانی وەك سەرۆکی خولەکە ئیمزای کردووە" وە هەروەها بەڕێزی بێژێت "پارتیش بەشێك بووە لەو ئیمزایە" وە لە دێڕێکی کەدا بێژێت "سەرکردایەتی پارتی ناڕەزایی دەر نەبڕی و بیداتە پەڕلەمانی کوردستان". لێرەدا حەز دەکەم کە هەرسێ خاڵەکە بە کورتی و کوردی شی بکەمەوە.

**وەڵامی یەکەم:** گەر تاڵەبانی مەبەستی ئیمزاکردن نەبوایە ئەیتوانی بی گرفت بەغداد بە جێ بهێڵێت و بەرەو پایەتەختی کوردستان بێتەوەوە هەر وەك بەڕێز بارزانی.

**وەڵامی دووەم:** پارتی دێموکراتی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی لە بەغداد نەبوو تاکو پاتیش ئیمزای بکات. وە پارتی دیمۆکراتی کوردستان زۆر دەمێکە باس لە فیدڕاڵێ جوگرافی دەکات چونکە ئەگەر باس لە فیدڕاڵی پارێزگا بکرێت ئەوە هەر وەکو ئەوە وایە کە لەساڵی 1963 دانووستانی لەسەر کرا و وە (ئۆتۆنۆمی ساڵی 1970) گەلێك لەوە زیاترە کە گەلی کورد بەدەستی هێنا.

**وەڵامی سێیەم:** وەکو ئاشکرایە هەموو پارتێکی سیاسی جیهانی وتاری گرنگ لە وڵاتدا لە لایەن سەرۆکی پارت و وڵاتەوە دەدرێت. وە بەڕێز بارزانی خۆدی خۆی لە تەلەفیزیۆنی کوردستاندا ئەم ووتارەی بڵاوکردەوە.

وە هەروەها بەڕێزی لە وەڵامی پرسیارێکی کەدا دەڵێت "پارتی و یەکێتی گەر پاشماوە ڕێکخراوی ستالینی نەبێ یەکێتی قوتابیان و خوێندکارانیان بۆ هەیە"

**وەڵام:** بەڕێز نە پارتی دیمۆکراتی ئەمریکا و نە کۆماریش هیچیان ستالینی نین بەڵام هەردووکیان ڕێکخراوی قوتابیانیان هەیەو زۆریش دژایەتی یەك دەکەن بەڵام وەك کوردستان (مامۆستای چەکدار ڕگەی پیاو کوشتنیان پیشان نادات).

لەکۆتایدا ڕیز و سڵاوم بۆ تۆی بەڕێز هیوادارم کە بە دڵێکی گەورەوە ڕەخنەکانمت وەرگرتبێت.

**هەر بژین بۆ کورد**